


لوقمان ڕادپەی


# کاتی ئەوە هاتووە ڕۆژاوا وەک دەوڵەتێکی خۆسەری کوردستان بناسرێت

ئەستێڵ ئینسایت
ASTELL INSIGHT


وەرگێڕان: ئەستێڵ ئینسایت | کاروباری جیهانی
ژووری هزری کۆڕی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست | Middle East Forum

# کاتی ئەوە هاتووە ڕۆژاوا وەک دەوڵەتێکی خۆسەری کوردستان بناسرێت


## لوقمان ڕادپەی



ژووری هزری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (Middle East Forum)

دێسامبری 2024

وەرگێڕان: ئەستێڵ ئینسایت

کاروباری جیهانی

ئەستێڵ ئینسایت
ASTELL INSIGHT

لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی ڕژێمی ئەسەد لە سووریا، دیمەنی ژێۆپۆڵیتیکی ناوچەکە چووەتە نێو دۆخێکی قەیرانـاییەوە. چـرکەسـاتەکە بۆ ئیسرائیل، گۆڕانێکی سـتراتـژیک لە هـاوپەیمانییەکان دەخــوازێت، گۆڕانێک کە پێشەکی بە سەقــامگیری درێژمەودا بەسەر دەسکەوتی کورتــماوە دەدات. هەروەهـا هـاوهێڵبوون لەگەڵ ڕژێمی ئیسلامیستی داهـاتـوو لە سـووریا دەتـوانێ دەرەنجامگەلێکی لێکەوێتەوە کە مەترسیدارتر لەو شتانە بێت کە حەماس درووستی کردبوو. ئەم گرووپانە کە لە نێو ئایدیالۆژیاگەلی لاسارانە و کەللەڕاقانە ڕیشەیان داکووتیوە لەسەر هێڵی ڕقەبەرایەتی لەگەڵ ئیسرائیل سـوورِن. هەر بەو شێوەی کە دەگــوتــرێ، "ئــایدیالۆگەکان بە دەگمەن دەنگی خۆیان دەگۆڕن." باڵی تێرۆریستە توندڕەوخوازاکان بە ڕێبەری دەستەی تەحریر ئەلـشام (HTS) لەگەڵ پـاڵپشتی تـورکیا و قەتەر، لە لایەن ویلایەتە یەکگرتـووەکانی ئەمـریکاوە وەکوو ڕێکخراوێکی تێرۆریستی پۆلێن کراوە. ڕەچەڵەکی ئەم ڕێکخراوە دەگەڕێتەوە بۆ دەوڵەتی ئیسلامی عێراق و شام (داعش) و هێشتا مەترسییان کۆتایی پێ نەهاتووە.

بەرامــبەر بەم پــاشــخانە ئــاڵۆزەدا، ڕۆژاوا - نــاوچەی خۆ-بەڕێوبەری کورد لە ســووریا- وەکوو مەشخەڵی هیوا و سەقامگیری وەستاوە. لە سەردەمی پەرەسەندنی شەری ناوخۆیی سووریا، کورد توانی بەڕێوبەرایەتی خودموختاری ڕۆژاوا بنیات بنێت. ئەم دیاردە نوێیە وەکوو پەناگەیەک بۆ هەمـوو کەمینە ئێتنیکی و ئـایینەکان کاری کردووە و بە ڕێبەرایەتی کورد لە سـاڵی 2012ـەوە پەرەی داوە بە هاوژیانی و ئاشتی لە ناوچەکەدا. هەرچەن مۆدێلە حکومەتییەکەی ڕۆژاوا هێشتا لە ڕێگەی هەڵـبژاردنی دێـمۆکـراتیکی چــاودێـریکـراو تــاقی نەکـراوەتەوە بەڵام سیـسـتـمێکی بەڕێوبەرایەتی سەقـامگیر و ڕێکخراو، تـوانسـتە سەربـازییەکان لەگەڵ سـوپایەکی ڕاهێنراو لە ژێر

ناوی هێزەکانی دیمۆکراتیکی سووریا (SDF) و بە فەرماندەیی ژێنراڵ مەزڵووم عەبدی، خۆی سەلماندووە.

ڕۆژاوا سەرەڕای ئەمەش، ڕووبەڕووی توندوتیژی و هێرش بووەتەوە. هێزەکانی تورکیا بەشگەلێکی ئەم ناوچەیان داگیر کردووە و هاوکات سیاسەتی دژە-کورد و بەرنامەی پاکتاوی ئێتنیکی و بەتورککردنی بەڕێوە بردووە. دەستێوەردانەکانی تورکیا دوورە لە بەها دیمۆکراتیکەکانی ناتۆ و لە هەمانکاتیشدا ئەم پڕۆژانە نەیتوانییە ئاکامی خوازراو دەستەبەر بکات. لەم نێوانەداش، ڕۆڵی تورکیا لە پارمەتیدان بەم گرووپە توندڕەوخوازانە خۆی ئاماژەیە بە لادانی تورکیا لە بنەماکانی خۆرئاوا و دەرخەری مەترسییەکی واتادار و کاریگەرە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

کورد لە مێژە ڕووبەڕووی کلێشەگەلێکی کوشەندە بووەتەوە -وەکوو تێکدەر، جنۆکە، تێرۆریست، کافر و کەرەسەی ئێمپێریالیزم باسیان کردوون- لە حاڵێکدا کوردەکان سەلماندوویان کە هاوپەیمانێکی وەفاداری خۆرئاوا و بەها بنەماییەکانین. لەگەڵ ئەوەشدا کە کورد بە درێژایی لە دانوستاندنەکانی ئاشتی لە ژێر دەسەڵاتی ئێران، تورکیا و ڕووسیا -کە خودموختاری کورد بە مەترسی دەزانن- دوور خراونەتەوە، بەڵام خۆبەستەیی خۆیان بە ئایدیاڵە دیمۆکراتیکەکان و سەقامگیری ڕاگرتووە. تەنانەت دووای جێهێشتنی دەوڵەتی ترامپ، کوردەکان وەکوو هاوکارێکی جێگە متمانەی ئەمریکا مانەوە و ئەمە پێشاندەری وەفاداری و بگۆڕیی بەرچاوڕوونانەی ئەوانە.

ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە جیهان، بە تایبەت ئیسرائیڵ و ئەمریکا گرنگایەتی ستراتژیکی ڕۆژاوا بە فەرمی بناسن. هاوپەیمانی نێوان ئیسرائیڵ و ڕۆژاوا نەک تەنیا لە سنوورەکانی ئیسرائیڵ لە توندڕەوخوازیی ئیسلامی دەپارێزێت بەڵکوو بەستێنێکە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێی سەقامگیر و پێشکەوتنخواز بەدی دەهێنێت. لە 10ی نۆڤامبری 2024دا، وەزیری دەرەوەی ئیسرائیڵ، گیدیۆن ساعر، جەختی لەسەر وەها پەیوەندییەک کردەوە و پێداگری کرد کە ئیسرائیڵ پەیوەندی لەگەڵ نەتەوەی کورد فەرمی بکاتەوە. دامەزراندنی شاندێکی دیپلۆماتیکی لە حەسەکە -پێتەختی دیفاکتۆی ڕۆژاوا- دەتوانێت لە پێناو ئەمنییەت و کامەرانی دوولایەنە، هەنگاوێکی مێژوویی بە هەژمار بێت.

بەفەرمی ناسینی ڕۆژاوا دەرگا دەکاتەوە بەرەو یارمەتی زۆر گرنگی سەربازی، ئاستی توانا بەرگرییەکان بەرز دەکاتەوە و گەرەنتییەکە بۆ ئاسایشی کورد لە بەرانبەر مەترسییە ناوچەییەکان. بە لەبەرچاوگرتنی گرنگایەتی ستراتژیک، هەم ئیسرائیڵ و هەم ئەمریکا بۆ بەرگری لە کورد، بە تایبەت لە بەرانبەر دەستدرێژییە دەەکییەکانی دراوسێیە نەیارەکان دەبێت پاڵپشتی سەربازی ئەنجام بدەن. هێزە کوردەکان لە شەڕی زەمینیدا لێهاتوو و بە ئەزموونن، بەڵام بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ هەڕەشە ئاسمانییەکاندا -بە تایبەت لە لایەن تورکیا و ئێرانەوە- پێویستییان بە چەکی دژە-ئاسمانی هەیە. زیاتر لەمەش، هیلالی شیعی ئێران لە لاوازترین ئاستی خۆیدایە؛ بە فەرمی ناسینی ڕۆژاوا بە یەکجاری و بۆ هەمیشە یارمەتی دەبەخشێت بە تێکشکانی ئەم پڕۆژە ناوچەییەی ئێران.

تێکۆشانی کوردەکان بۆ چارەی خۆنووسین ڕەنگدەرەوەی خودی مێژووی خەڵکی جووە و هابەشییەکی سروشتی درووست دەکات کە بناغەی خۆی لە ئایدیاڵ و ئاواتە هاوبەشەکان داکوتیوە. کاتی ئەوە هاتووە کە ئەم هاوپەیمانییە ستراتژیکە لە ئامێز بگرین. بەفەرمی ناسینی ڕۆژاوا وەکوو دەوڵەتێکی خودموختاری کوردستان خاوەن پێویستییەکی ژێئۆپۆڵیتیکە. ئیسرائیڵ ناتوانێت هەبوونی ڕژیمێکی ئیسلامی سوننەی توندڕەو لەسەر سنوورەکانی خۆی تەحەمول بکات. بۆ بەدیهێنانی وەها ئامانجێک، کۆریدۆرێکی ستراتژیک لە نێوان ئیسرائیڵ و دەوڵەتێکی کورد لە داهاتوودا زۆر گرنگە.

مێژوو بانگهێشت دەکات. ئیسرائیڵ و کوردەکان لە ڕووی مێژووییەوە خەڵکانێکی خۆڕاگر و کەژئاسان، دەبێت لە وەها چرکەساتێکی پڕ لە دەرفەت بۆ بنیاتنانی داهاتوویەک کە ئاسایش، سەقامگیری، دێمۆکراسی و ڕێزی دوو لایەنە پێناسەی دەکات، کەڵک وەربگیردرێت.

---

سەرچاوە:

https://www.meforum.org/mef-observer/it-is-time-to-recognize-rojava-as-an-autonomous-state-of-kurdistan

* د. لوقمان ڕادپەی لێکۆڵەرێک لە بریتانیایە. کارناسی کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەندامی هاوکاری "کۆڕی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست" (Middle East Forum) و نووسەری کتێبی "بەرەو کوردستانێکی سەربەخۆ: مافی چارەیخۆنوسین لە یاسای نێونەتەوەییدا". ڕادپەی لە درێژەی یەک دەیەی ڕابردوودا بەشێوەیەکی بەرین لەسەر دۆخی یاسایی پرسی کوردستان و ڕەهەندە یاساییە نێونەتەوەییەکانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی خەڵک و نەتەوەکان نووسیویەتی.